www.kurdistannet.org
27-10-2006 8:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

لە گەڵ سڵاو و ڕێز!
2006/10/23

ئێمە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتووی وڵاتی نورویێژ، بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەڕەشەنامەیەی 2006/10/20 ی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ژێرناوی " ڕوونکردنەوەیەک لە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە سەبارەت بە لێدوانەکانی هەندێک لە بەرپرسانی حدکا "، خەمباربووین و ئەسەفمان بۆ ئەو شێوە بە ناو روونکردنەوەیە خوارد.

لە کاتێکدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک کۆنترین و بە ئەزموونترین حیزبی کوردستانی ئێران، خاوەنی رابردوویەکی پڕ لە شانازی یە و میراتگری کۆماری جوانەمەرگی کوردستانە و قافڵەسالارانێکی وەک قازی پێشەوا، دوکتور قاسملووی مامۆستا و شەرەفکەندی ڕێبەر و هەزاران شەهیدی کردۆتە قوچی قوربانی ڕێگای رزگاری و بەختەوەری گەلەکەی، لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان و حکوومەتی هەرێم شاهیدی ئەوەن لەو ماوەیەدا کە ئەو پارچەیەی کوردستان ئازادە، ئەم حیزبە وەک هێزێکی کوردستانی لە گەڵ ئەوەی دەیان تەون و بەستی بۆ هەڵخراوە و سەدان رۆڵەی شەڵاڵی خوێن کراوە، لە یارمەتی دان و سەرخستنی ئەو ئەزموونەی کوردستان بۆ ساتێک نەوەستاوە، لە گەڵ ئەوەشدا لە کاتی تەنگانەدا پشتیوانی خەڵک و هێزە سیاسی یەکانی باشووری کوردستان بووە، هیچ رەوای هەق نی یە مەکتەبی راگەیاندنی هێزێکی کوردی ئاوا بە زمانی هەڕەشە و نادۆستانەوە لە گەڵی بجووڵێتەوە.

زمانی نووسەری ئەو بە ناو روونکردنەوەیە هێندە نادۆستانەیە تا ئەو جێگایە ڕێگا بە خۆی دەدا کە ڕێبەریی حیزب بە جیناح ناوببا و لەوەش ناسڵەمێتەوە و حورمەتی میوانداری بشکێنێ و بڵێ: "حیزبی ناوبراو یان باڵی ناوبراو دەبێ داوای لێبووردن لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خەڵکی کوردستان و میدیای کوردستان بکات"، بۆ؟ خۆتان گوتەنی " ئەم حوکمە لە پای چی و کام حیکمەتی سیاسیانەی لە پشتە؟"

گوایە دەتانەوێ بەو شێوە ئاخاوتنە چ بە کورد بسەلمێنن و چی بۆ داهاتوو تۆماربکەن؟ ئێمە ئاواتمان دەخواست بە راگەیاندنی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان، زامەکانی سەردەمی شەڕی براکوژی گۆشتەوزوون بێننەوە و ئەو رۆژە رەشانە لە بیر خۆمان بەرینەوە کە کوردی رۆژهەڵات ببوو بە سووتەمەنی خۆبەهێزکردنی ئێوە بۆ درێژەدانی ئەو شەڕە دۆڕاوە، بەڵام بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەڕەشەنامەیە، جارێکیتر شەهیدانی بەردەروازەی کۆیە و بایمجان و دووکانی ئەو ساڵانە سەر لە نوێ شەهیدکرانەوە. زۆر جێگای داخە، لە باتی ئەوەی حکومەتی هەرێم بە پێشنیاری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بێت و بڵێ: ئێمە وەک لایەنێکی شەڕی براکوژی لەو ساڵانەی رابردوودا نەمانتوانی میوانداری ئێوە بکەین، ئێستە لە گەڵ داوای لێبوردن ئامادەین ئەو زیانەی وێتان کەوتووە بە شێوەیەک قەرەبوو بکەینەوە، هاتووە و خۆی بە زیان وێکەوتوو لە قەڵەم دەدا و داوای قەرەبوو لە حیزب دەکاتەوە.

ئێوە وەک یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە سەردەمێک شانازی نازناوی هێزی پشتیوانتان بە بەژندا بڕابوو، نەدەبوو نە ئەو شێوە هەڕەشە نامەیە بنووسن و نە بە هێنانی ناوی جیناح و باڵ و لایەنیش خۆتان لە کێشەی ناوخۆیی حیزب هەڵقورتێنن و ببن بە لایەنگری لایەنێکی کێشە خولقێن لە نێو حیزبدا. ئەو شێوە ئاخاوتنانە خۆتان گوتەنی خزمەت بە هیچ شتێک ناکا. ئەگەر حیزب ناکۆکی تێدایە،

دەبێ ئێوە زمانی ئاشتی و تەبایی تان هەبێ نەک دەست بخەنە نێو ناکۆکی یەکان و کێشەکە پتر ئالۆزبکەن.

بۆ ئەوەی ئێمەی کوردی پەڕیوەی هەندەران و شاهیدی ڕۆژە ڕەشەکانی شەڕی براکوژی، ئەو هەڕەشەنامەیە وەک هێرشەکەی هاوینی 1996 بۆ سەر بنکە وماڵەکانی حیزب لە بیرخۆمان بەرینەوە، دەخوازین:

1 ـ وەک یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ئەو هەڕەشەنامەیە وەربگرنەوە و داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەن.

2 ـ لە باتی زمانی هەڕەشە و دەست تێوەردان لە کار و باری ناوخۆی حیزب، وێڕای ڕاگرتنی ڕۆڵی بێلایەنی، بیرێک لە بنەماڵەی ئەو شەهیدانە بکەنەوە کە لە ژێر باڵی ئێوەدا بە غەدر گیانیان لە دەست دا.

3 ـ بە نواندنی ئاوا ئازایەتی یەک، ئێمە و خەڵکی کوردستان دەتوانین لە هەنگاوە نادۆستانەکانی پێشووی ئێوە و ئەو بە ناو ڕوونکردنەوەیەی مەکتەبی ڕاگەیاندن چاوپۆشی بکەین.

کۆمەڵێک لە کوردەکانی کوردستانی ئێران ـ دانیشتووی وڵاتی نورویژ